Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

# فراونبوونی واتا له پراگماتیکدا، زمانی کوردی بەنموونه

**پ.ی.د،ئاسۆ عبدالرحمن کریم**
**زانکۆی سەڵاحەدین/ کۆلیژی پەروەردە-بەشی زمانی کوردی -**
aso.baban@su.edu.krd
**پ.د. ئومێد برزان برزۆ**
**زانکۆی گەرمیان - کولێجی پەروەردە - بەشی زمانی کوردی**
omed.barzan@garmian.edu.krd
**د.ئارام علی عثمان زانکۆی سەڵاحەدین/ کۆلیژی پەروەردە-بەشی زمانی عەرەبی**
aram.othman@su.edu.krd

**پوختە**
ئەم توێژینەوەیە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە لە واتا دەکۆڵێتەوە بە ناونیشانی(**فراوانبوونی واتا لە پراگماتیکدا**)، بۆ ئەم مەبەستە چێوەی لێکۆڵینەوەکە لەدیوی تیۆرییەوە پەیوەسە بە داتای لێکۆڵینەوەکە لە سنوری زاری کرمانجی سەروو و خواروودایە. فراوانبوونی واتا یەکێکە لە بنەمای سەرەکییەکانی پراگماتیک، کە ڕوونیدەکاتەوە چۆن واتای وشە و ڕستەکان لە بەکارهێنانی ڕاستەقینەدا لە سنووری واتای فەرهەنگی خۆیان دەردەچن و بە پشتبەستن بە کۆنتێکست و مەبەستی قسەکەر واتای فراوانتر و درووستتر بەدەستدەهێنن. لە پراگماتیکدا، واتا تەنیا بە پێی پێناسەی زمانی دیاری ناکرێت، بەڵکو بەهۆی فاکتەرە دەرەکییەکان وەک دۆخی قسەکردن، زانیاری هاوبەش، پەیوەندی نێوان قسەکەر و گوێگر، و مەبەستی گەیاندنی پەیام پێکدێت. لەم چوارچێوەیەدا، فراوانبوونی واتا میکانیزمێکی گرنگە بۆ دروستکردنی تێگەیشتنی پراگماتیکی. لە تیۆری پراگماتیکی نوێدا، دەوترێت گوێگر هەوڵدەدات واتایەک بدۆزێتەوە کە زۆرترین سوودی واتایی و کەمترین هەوڵی تێدابێت. لەم پرۆسەیەدا، کاتێک واتای فەرهەنگی بە تەواوی مەبەست ناگەیەنێت، واتا بە شێوەیەکی پراگماتیکی فراوان دەکرێت بۆ ئەوەی پەیامەکە بە دروستی تێبگەیەنرێت. فراوانبوونی واتا بە شێوەی جیاواز دەردەکەوێت، وەک لە میتافۆر، زیادەڕەوی/مبالغه، واتای فراوان(loosening) ، و بەکارهێنانی دەربڕینە گشتییەکاندا. بۆ نموونە، کاتێک دەوترێت "ئەم کتێبە قورسە"، واتای وشەی "قورس" لە ڕووی فیزیکیەوە دەگوازرێتەوە بۆ واتای سەختی تێگەیشتن. ئەم گواستنەوەیە بەهۆی کۆنتێکست و زانیاری هاوبەشەوە ڕوودەدات. بە هەمان شێوە، دەربڕینی وەک "من بەڕۆژووم" لە زۆر کاتدا نیشانەی"بەڕۆژووبوون" خۆگرتن لە خواردن تەواو نییە، بەڵکو خۆ درووختستەویە لە بارودۆخەی کۆمەڵایەتییە ئاخێوەری تێدایە، بە خۆپاراستن لە قەدەغەکراوەکانی (غەیبەتکردن، درۆکردن، فێڵکردن...، یاخود بۆ ئەوی متمانە و ڕەزامەندی دەوروبەر دەستەبەربکات.

**کلیلی وشەکان: فراوانیوونی واتا ، پراگماتیك، دەوروبەر، زمانەوانی کۆمەڵایەتی،** تابۆ، ڕەگەز.

## اتّساع المعنى في التداولية ـ اللغة الكردية أنموذجًا

**الملخص**
يتناول هذا البحث المعنى من منظور اجتماعي تحت عنوان (اتّساع المعنى في التداولية). ولتحقيق هذا الهدف يعتمد إطار البحث على نظرية الملاءمة (Relevance Theory) التي وضعها كلٌّ من Dan Sperber و Deirdre Wilson. أمّا بيانات البحث فقد جُمعت ضمن حدود لهجتي الكرمانجية العليا والسفلى من اللغة الكردية. يُعدّ اتّساع المعنى أحد الأسس الرئيسة في التداولية؛ إذ يوضّح كيف أنّ معنى الكلمات والجمل في الاستعمال الحقيقي يتجاوز حدود معناها المعجمي، ويكتسب معنى أوسع وأكثر دقّة بالاعتماد على السياق ومقصد المتكلّم. ففي التداولية لا يتحدد المعنى وفق التعريف اللغوي فقط، بل يتكوّن نتيجة عوامل خارجية مثل مقام الكلام، والمعرفة المشتركة، والعلاقة بين المتكلّم والمستمع، وقصد إيصال الرسالة. وفي هذا الإطار يُعدّ اتّساع المعنى آلية مهمّة لبناء الفهم التداولي. وفي النظريات التداولية الحديثة يُفترض أن المستمع يسعى إلى الوصول إلى معنى يحقّق أكبر فائدة دلالية بأقل جهد ذهني. وفي هذه العملية، عندما لا يكون المعنى المعجمي كافيًا لإيصال المقصود، يتم توسيع المعنى تداوليًا حتى يتحقق الفهم الصحيح للرسالة. ويظهر اتّساع المعنى بأشكال مختلفة مثل الاستعارة، والمبالغة، والتوسيع الدلالي(loosening) ، واستعمال التعابير العامة. فعلى سبيل المثال، عندما يقال: «هذا الكتاب ثقيل» فإن معنى كلمة ثقيل ينتقل من معناها الفيزيائي إلى معنى صعوبة الفهم. ويحدث هذا الانتقال نتيجة السياق والمعرفة المشتركة بين المتخاطبين. وبالمثل، فإن التعبير «أنا صائم» في كثير من الحالات لا يقتصر معناه على الامتناع عن الطعام فقط، بل قد يدلّ أيضًا على التحقّظ السلوكي والأخلاقي في السياق الاجتماعي، مثل الامتناع عن الغيبة أو الكذب أو الخداع، أو من أجل كسب ثقة ورضا المجتمع المحيط.
**الكلمات المفتاحية: الاتساع الدلالي السياق ، علم اللغة الاجتماعيا، لمحرّمات اللغوية، النوع الاجتماعي.**

## Semantic Broadening in Pragmatics: Kurdish as a Model

**Abstract**
This study examines meaning from a social perspective under the title "Semantic Broadening in Pragmatics." To achieve this aim, the research framework relies on Relevance Theory developed by Dan Sperber and Deirdre Wilson. The data of the study are collected within the scope of the Northern and Southern Kurmanji dialects of the Kurdish language. Semantic broadening is considered one of the fundamental principles of pragmatics, as it explains how the meanings of words and sentences in actual use go beyond their lexical definitions and acquire broader and more precise meanings depending on context and the speaker's intention. In pragmatics, meaning is not determined solely by linguistic definitions; rather, it is shaped by external factors such as the speech situation, shared knowledge, the relationship between speaker and listener, and the intention of conveying the message. Within this framework, semantic broadening functions as an important mechanism for constructing pragmatic understanding.In modern pragmatic theories, it is assumed that the listener attempts to find an interpretation that provides the greatest cognitive effect with the least processing effort. In this process, when the lexical meaning is not sufficient to convey the intended message, the meaning is pragmatically expanded so that the message can be properly understood. Semantic broadening appears in various forms, such as metaphor, exaggeration (hyperbole), semantic loosening, and the use of general expressions. For example, when it is said, "This book is heavy," the meaning of the word heavy shifts from its physical sense to the meaning of difficulty in understanding. This shift occurs through context and the shared knowledge between the interlocutors.
Similarly, the expression "I am fasting" in many cases does not only mean abstaining from food, but may also indicate moral and behavioral restraint in a social context, such as refraining from gossip, lying, or deception, or aiming to gain the trust and approval of the surrounding community.
**Keywords: Semantic Broadening , Context, Sociolinguistics, Taboo, Gender.**

**1/1) پێشەکی:** ئەم توێژینەوەیە لە بەشی تیۆری کارەکی پێکدێت و ئەم پلانەی گرتووتەبەر.

**2/1) ناونیشان و بواری توێژینەکە :**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (**فراوانبوونی واتا لە پراگماتیکدا**)ە ، بواری لێکۆڵینەوەکە لە **پەیوەندی نێوان کلتور و پراگماتیك** دەکۆڵێتەوە ، هەروەها **ڕۆڵی کلتور لەسەر زمان و فراوانبوونی واتا لە پراگماتیك دە**ردەخات .

**3/1) هۆی هەڵبژاردنی توێژینهوەکە : و ئامانجەکانی :**

لەبەر ئەوەی زمان وابەستەیە بە کلتور و دەوروبەرەوە ، کلتور ڕۆڵی گرنگی لە دروستەکانی زماندا هەیە ، بۆیە ئەم **توێژینەوەیە** هەوڵی ئەوە دەدات کە بەشێك لەو رۆڵ و کارێگەرییانەی **فراوانبوونی واتا لە پراگماتیکدا** پەیوەست بە کلتورە بخاتەڕوو .

**4/1) کەرەستە و سنوری توێژینەوەکە :**

ئەم **توێژینەیە** لەسەر زمانی کوردی ــــ زاری کرمانجی ژوروو (سەروو)دا یە ، واتە کەرەستەکان و نموونەکانی لەو زارەوە وەرگیراوە و **توێژینەوە**یان لەسەر کراوە .

**5/1) ڕێبازی توێژینەوەکە :**

ئەم **توێژینەوەیە** بە پێی ڕێبازی (وەسفی شیکاری )، داتاکانی شیکراوەتنەوە و خراوتنەڕوو .

**6/1) ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە، جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان لە سێ پار و وەچەپار پێکهاتووە ، سەرەتا چەمک و زاراوەی پراگماتیك خراوەتەڕوو ، دواتر بنەماکانی پراگماتیك و ئاستەکانی پراگماتیك لەزماندا باس کراوە ، هەر چەمکی و پێناسەی کلتور و کۆمەڵ خراوەتە ڕوو .

دواتر سەرەتا ڕۆڵی دەوروبەر لە زماندا باس کراوە ، هەروەها شێوازەکانی یاساکانی ئاخاوتن خراوەتەڕوو.

**2/-1-1)چەمکی پراگماتیك :** چەمکی پراگماتیك (**pragmatic**) لە وشەی پراگما ( **pragma**)ی گریکی وەرگیراوە ، کە بە مانای کارکردن یاخود پراکتیکدێت ، بۆ یەکەم جار ئەم زاراوەیە لە ساڵی (١٩٣٨) لەلایەن (چارڵیس مۆریس ) ، لە کتیبەکەیدا بەناوی زانستی هێما (**semiotic**)بەکارهاتووە ، کە زمانەوانی دەکاتە سێ بەش : عبدالواحید موشیر دزەیی( ٢٠١٤ : ٣٢)

١ -ڕستەسازی : پەیوەندی هێمایە بە هێما .

٢ -واتاسازی : پەیوەندی هێمایە بە جیهانی واقیع و بیر .

٣ -پراگماتیك : پەیوەندی هێمایە بە بەکارهێنەر و لێکدەرەوەکەی.

**2/ 1-2) چەمك و پێناسەی پراگماتیك :**

زانستی پراگماتیك وا پیناسە دەکرێت ، کە ( لێکۆڵینەوەیە لە چۆنیەتی واتاداربوونی وتەکان لە پێگەی ئاخاوتنەکاندا )) محەمەد یونس عەلی ( ٢٠١٠ : ١٣ )، هەروەها پراگماتیك واتا مەبەست ناسی ، مەبەست ناسی (( تاوتوێکردنێ واتاییە ، ئەو واتایەی لەلایەن قسەکەر یان (نووسەر ) ەوە دەگەیندرێ و لەلایەن گوێگر یان (خوێنەر )ەوە لێکدەدرێتەوە ، هەر بۆیە مەبەست ناسی زیاتر بە مەبەستی شیکردنەوەی کەسەکانەوە خەریك دەبێت ، نەک

به وشه یان ئەو دەستەواژانەی کە بەکاریاندێنین ) هەورەها پراگماتیك (( لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ئەو بنەمایانەیە کە ناوێزەیی و ناپەسندییان پیوە دیارە ، وەك :

-تکایە چۆنیت ؟

ئەم نیشانەیە (؟) بۆ ڕستەکە کە پراگماتیکی نەبێ ، دیارە ئەم ڕستەیە لە ڕووی سینتاکسەوە ناوێزە نین .

لە ڕستەی (تکایە چۆنێت ) لە دوو جۆرە ڕستەیە :

-تکاییە ____ داوایەك یان تکایە .

-چۆنێت ____ پرسە

بۆیە پرسیار و داوا لە یەک کاتدا ناکرێ ، ئەم ڕستەیە بۆیە ناوێزەیە ، چونکە لەگەڵ دەوروبەردا ریکناکەوێت ، ناتوانین دەوروبەرێکیان بۆ بدۆزینەووە کە دروست بن ، پراگماتیك جووتکردنی رستەکانە لەگەڵ دەورووبەردا )) جۆرج پۆل ( ٢٠١٨: ١٦ )، هەروەها پراگماتیك (( بریتییە لە لقێکی زمانناسی کە دیراسەی ئەو لایەنانەی واتا دەکات کە تیورێی و واتا نایگاتێ ، یان ناتوانێ دیراسەی بکات )) محەمەد مەعروف فەتاح ( ٢٠١٠ : ١٦) پراگماتیك (( لێکدانەوەی ئەو لایانانەی واتاییە ، کە ناچتە ناو واتاسازییەوە ، واتە پراگماتیك لەو واتایانە دەکۆڵێتەوە کە فەرهەنگی نەبن)) سەلام ناوخۆش ( ٢٠٠٣ : ١٨) . هەرچی واتایەك نەچێتە ناو فەرهەنگەوە پراگماتیکەوە٠ محەمەد مەعروف فەتاح( ٢٠١١: ١٩٠ ).

**3-1/2) بنەماکانی پراگماتیك :**

١ -قسەکەر(speakar (sad ئەو کەسەیە کە پایەمەکە بە مەبەستیك و لە باردۆخ و کات و شوێنکدا بە رەچاوکردنی یاسا ڕێزمانی و واتاییەکان دەنێریت کە بە زۆر لەسەر بنەمای گریمانە بنیاد دەنرێت .

٢ -گوێگر(Hearer (sad ) ئەو کەسەیە کە پەیامەکە وەردەگرێ ، لە مێشکدا شیدەکاتەوە ، کاتیکیش سەرکەوتوو دەبیت ئەگەر ئاگای لە باڕۆدەۆخەکە بیت و لە مەبەستی قسەکەر بگات.

٣ -بابەت: ئەم بنەمایە بریتییە لەو هزرەی کەوا قسەکەر ئاڕاستەی گوێگر دەکات .

٤ -دەوروبەر: بنەمایەکی گرنگە بۆ جیاکردنەوەی سیمانتیك لە پراگماتیك ئەم بنەماییە ئەو بابەتانە دەگرێتەوە ، کە کارێگەری لەواتا دەکات و واتای نەگونجاو دەکات بە گونجاو . عبدالواحد مشیر دزەیی( ٢٠١٦:٥٣).

**2/2)پراگماتیك ئاستێکە لە ئاستەکانی زمان :**

زانستی پراگماتیك وا پێناسە دەکریت کە ( لێکۆڵینەوەیە لە چۆنیەتی واتادابوونی وتەکان لە پێگەی ئاخاوتنەکاندا )، بە پێی ئەم پێناسەیە ( ئەم زانستە ) لە واتاسازی جیادەکریتەوە کە تەنیا بە پێ دانان لە واتا دەکۆڵیتەوە ، دوور لە بەکارهێنان و پێگەکانی گوتار بێژین ، هەورەها (مۆریس ) لە جیاکردنەوە سێیانە بەناوبانگە بۆ بوارەکانی زانستی هێما ( ڕیزمان و واتاسازی ، پراگماتیك ). عبدالواحد مشیر دزەیی( ٢٠١٦:٥٣). لەپێشدا ئەوەی باسمانکردن ، کەوا (( ڕێزمان لە پەیوەندییەکانی نێوان نیشانە زمانیەکان دەکۆڵێتەوە ، واتاسازی لە پەیوەندییەکانی بە شتەکان دەکۆڵێتەوە ، ئەم پۆڵێنکردنە سێیانە بۆ (پێریس ) دەگەڕێتەوە ، گەرچی مۆریس یەکەم کەس بوو بەڕوونی خستەڕوو (کارناب )یش پیشتگری کرد ، لەو جیاکارییە پیشنیازکراوانەش کە لە نێوان واتاسازی و پراگماتیکدا هەیە ، ئەوەیە کە یەکەمیان لە واتا دەکۆڵیتەوە ، دوومیان لە بەکارهێنان دەکۆڵێتەوە لە کاتێکدا دانان و واتاسازی لە واتاسازی دەکۆڵنەوە لە دەرەوەی بەکارهێنان دەورووبەردا ، بەکارهینان و پراگماتیکیش لەزمان

دەكۆڵنەوە لە نێو بەكارهینانە كردەییەكاندا ، ڕستە ( كە بونیاتێكی زمانەوانی ڕەهایە ) بۆ زمان ، وتەش ( كە دەركەوتەیەكی كارەكی و هاتنەدی و بەرجەستەبوونی كردەكی ڕستەن ) ، هەروەها دوات بەكارهێنانی زاراوەی پراگماتیك لەلایەن چارلز مۆریسەوە ، دوو بۆچوون هاتە ئاراوە دەربارى پراگماتیك. شێرزاد سەبری عەلی ( ٢٠١٤ : ٣٦ ).
١ -بۆچوونی یەكەم (فراوان ) : هەموو زانستەكان دەكات بە یەک و دەیباتە ناو پراگماتیكەوە .
٢ -بۆچوونی دووەم ( تەسك ) : كە زیاتر پەرەی پێ دراوە و بەكاردێ ، پراگماتیک بریتی یە لە هەندێك بیرو دیاردەی نابەرجەستە (مجرد ) كە لێكدانەوەیان پێویستی بە سیاق و دەوربەر دەبێ ، هەر دیاردەیەك دەچێتە ناو پراگماتیكەوە كە خۆیان نابەرجەستەن و پێویستیان بەوەیە پەنا بەرینە ناو دەوروبەرەوە ، چونكە ئەگەر وانەبێ واتایان لیكنادریتەوە، بەم پێیە پراگماتیك دەبێتە بەشێك لە زمانەوانی ، واتە وەكو زانست (علم) سەیر ناكرێت.

**1/2/2) چەمك و پێناسەی كلتور**

گەڕان و چوونە قوڵای وشەیەكی پەیوەست بە مرۆڤەوە مێژوویەكی پۆلینكراوی پێویستە. ریشەیی وشەی كلتور كە لە زمانی كلاسیك و لە پیش زمانی كلاسیكی لاتیندا ، بە واتای كاروكشتوكاڵ و پەروەردە بووە . محەمەد مەعروف فەتاح( ٢٠١١: ٩٠ ). لەمێژ نییە واتای (culture)لە كۆمەڵگای مرۆڤایەتی و میژوودا بەكارهاتووە ، پێدەچێت لەدوای ساڵی (١٧٥٠) و بۆ یەكەم جار لەزمانی ئەڵمانیدا بەو مانابیە بەكارهاتبێت ،لە سەرەتای جۆڵانەوەی زمانی ڕۆمانێ و ئینگلیزی دا تا كاتێكی دوور و درێژ وشەی ( civilizatoin ) شاری ئایین یان شارستانیەت لەبری ( culture) بەكارهاتووە كە واتای پەروەردە و چاكسازی و خاوێن بوونەوە و گەشەی كۆمەڵایەتی لێوەرگیراوە ، بەم جۆرە هەردوو چەمكی ( كلتور ) و (سیڤیلاسیۆن ) هەر لە سەرەتاوە بیری چاكسازی و بەرەو پێشچوونی كۆمەڵگا بووە.داریوش ئاشوری(٢٠ :١٢٩) .كلتور بنەمایی مێژووی هەڵدەگرێت (( گەنجینەی مێژووی میللەتە كە داب و نەریت و ئایین و ئایدۆلۆژیا و زمان و ئەدەب و هونەر و جل و بەرگ و كەرەستەی ناو ماڵ و كەرەستە و بابەتەكانی بواری پیشەسازی هتد دەگرێتەوە .)) ابراهیم حسن پور(٣١ -٣٢) لەم بارەیەوە ساترلەند وودارد دەڵیت : (( كلتور ئەو شتانە دەگریتەوە كە بتوانێت لە نەوەیەكی بۆ نەوەیەكی تر بچێت ،كلتوری هەر گەلێك میراتە كۆمەڵایەكەیەتی یان بە واتایەكی تر كۆیەكی تیكچرژراوە كە بریتیە لە زانست ، هونەر ، ڕەوشت ، یاسا ، دیین ، كەرەستەسازی و چۆنیەتی بەكاربردنی و شێوازی گەیاندنی بە داهاتوو ))خسرەو ئەڵماس(٢٠١٩:١٥٠) . كەواتە كلتور بریتییە لەو بەهایانەی كە لە ناو ئەندامانی كۆمەڵێكی دیاریكراودا بوونیان هەیە هەروەها كلتور موزاییكێكی پێكهاتووە لە مەعریفە ، ئایین ، هونەر ، یاسا ، مۆراڵ و هەر چەشنە توانایی و خوو و خدەیەك كو مرۆڤ وەك ئەندامێكی كۆمەڵگە بە دەستی دەهێنی.

**2/-2-2)كاڕێگەری زمان و كلتور لەسەر یەكتر :**

زمان و كلتور دوو چەمكی گرنگ گرێدراوی كۆمەڵن و كاڕێگەی دوو لایانەیان لەسەر یەكتر هەیە ، زمان ( هۆكاری كامڵبوونی كلتورە و تا ئەندازەیەكش ڕێرەو و ئاڕاستەكەشی دیاری دەكات و كلتوریش بە دیاریكردنی سنوری ئەوەی كە گرنگ یان كەم بایەخە ، كار لە شێوەی گیری دروستە و وشەكانی زمان دەكات بە پروای ( Hudson) گواستنەوەی كلتور لە نەوەیەوەك بۆ نەوەیەكی تر لە ڕێگای زەمانەوە دەبێت ) شیلان عوسمان(١٩: ٢٠٠٨)، واتە زمان ئامڕازی ئامادەكردنی نەوەی نوێیە بۆ وەرگرتنی ڕەفتاری كۆمەڵایەتی و منداڵ دەكاتە بوونەوەرێكی كامڵ و ئامادەكراو بۆ چوونە ناو كۆمەڵ ، ڕوون و ئاشكراییە كە هەموو لایەنەكانی كلتور لە ڕێگای زمانەوە دەگوازرێتەوە .

لە ڕوانگەی لە قاڵبدانی زمان لەلایەن کلتورەوە زیاتر لە دەربراوە تابۆییەکان و ڕێزگرتن لەزماندا دەردەکەوێت ، لەمەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە لە هەندێ کۆمەڵگادا کلتور زاڵە بەسەر زمانەکەندا گشت دەربرینە زمانیەکانی لە نێوان تاکەکاندا دیاریکردووە .
دەرچوون لێی دەچێتە قاڵبێ عەیبە و بێرێزییەوە ئەمە لە کلتوری کوردیدا زۆر بە جوانی دیارە ،بەڵام لەناو گەلانی دەرەوە دەشێت جیاواز بێت بەو شێوازە نەبێ کە لەناو کوردا هەیە ، لەزمانی کوردیدا کلتور دابەزیوەتە ناو دواین مۆرفیمی زمانەکەوە ، دەکرێت بڵێن ((کلتورەکان لە ناخ و بیرەمان چەسپیوە و پێش دەربرین هەست بەوە دەکەین کە دەبێت ئاخاوتنەکانمان هاوسەنگ بێت لەگەڵ کولتورەکەمان ، بەم شێوەیە کلتور کارێگەری هەیە لەسەر زمان و کۆمەڵ )) پەروەر عبدالرحمن (٢٠١٠: ٣٨)،کەواتە دەگەینە ئەو بڕوایە کە کلتور و زمان دوانەیەکی واقعی کۆمەڵ و دوونیان و تەواوکەری یەکترن بەبێ بوونی یەکیك لەم دوانە ناتەواوی دروست ئەبێ لە کۆمەڵگەیەك یان نەتەوەیەك ، هەر بۆیە زمان و کلتور بەشێوەیەك کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە و لەم ڕوانگەیشەوە دەکرێت ئاماژە بە دوو بۆچوونی سەرەکی بدرێت:
١ -ستراکچەری زمان کار دەکاتە سەر چۆنیەیەتی بینینی جیهان ، یاخود دەوروبەر لە لەلایەن قسەکەرەوە ، ئەم بۆچوونە ئەمڕۆ زیاتر دەخرێتە پاڵ زمانەوان ( ئیدوارد ساپیر ) لەگەڵ خوێندکارەکەیدا ( بنیامین وۆردف ) ،کە بە گریمانەی ( ساپیر و وۆرف ) دەناسرێت .
٢ -کلتوری خەڵکی ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر ئەو زمانەی بەکاردەهێنن . سازان رەزا( ٢٠١١:٦٦)
ئەم بۆچوونە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەو خەڵکانەی کۆمەڵێك شت هەیە بە لایەنەوە بە نرخە و بە ڕێگایەکی تایبەت هەڵسوکەوتی پێ دەکەین ،زمانەکەیان بە جۆریك بەکاردەهێنن تێیدا ڕەنگدانەوەی ئەو شتانەی تێدا بیت ، کە بە نرخ و پیرۆز دادەنرێت )، هەروەها (( زمان خوی لە خۆیدا ئاستێکی تێکچڕژاوە و چووە بەناو یەکدا ، بەلام بۆ ئاسان کردن و گرتنەبەری ڕێبازێکی تایبەت لە لێکۆڵینەوە زمانەکاندا پیسپۆرانی بواری زمان بە پیێ قوتابخانە زمانیەکان زمانیان دابەش کردووە بە سەر ئاستی جیاواز، یەکێك لەو ئاستانەش ، پراگماتیکە لە ڕێزمانی کۆندا پراگماتیك بە ئاستی لاوەکی دادەنرێ لە هەرخراپ ، حەرام وحەڵاڵ ، جوانی و ناشرینی ، بۆ ئەوەی ئەم هاوسەنگییە لە پرۆسەی بە کلتوربوونی تاکێکی کۆمەڵدا ڕوو بدات ،
ئەوا تاك بۆ هەلکردن لە کۆمەڵێکدا پێوستی بەوە دەبێت ،کە با ئاگا بێت لە پێکهاتە کلتورییەکان ، هەروەها لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا کۆمەڵێك ڕێسا هەیە ، کە خەڵکی لەسەری ڕێکدەکەن و لە پەیوەندییەکاندا و لە بە یەککەیشتنی ڕۆژانەیاندا بەکاردەهێنن ، یان دەیکەنە نەریتێك لە رووخسار و جل لەبەرکردنیان پەیرەوی دەکەن ).شالاو سالح(٢٠٠٠: ٤) هەروەها کۆمەڵ ئەو چینەن کە لەناو خۆیاندا کار بە ڕێسایەك دەکەن کە لەناونراوە ڕێسا کۆمەڵاتییەکان بە جۆریك لە جۆرەکان کە ناکرێت بۆ تەنها ساتیك کلتور لە کۆمەڵگادا جیابکرێتەوە یان بە پێچەوە ، کەواتە ( ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان کلتور لە کۆمەڵدایە پەیوەندیەکی دیالێکتییە ، کە سەرتاپای هۆشمەند بوونی مرۆڤ بۆ ڕووداو و دیاردە و ڕەوتەکانی پێشکەوتن و دەرکەوتنی کۆمەڵێکی خاوەن کلتوری زیندوو، بۆ ئەوەی ئەم کلتورە لەناو کۆمەڵدا ڕەنگ بداتەوە و بچەسپێت ئەوا پێوستی بەچەند بایەخ پێدانێکە تا بوونی کلتور و کۆمەل بە یەکەوە گرێ بدات و لێی دانەبرێت ئەوانیش بریتین لە کۆبوونەوەی مرۆیی ، فێربوون ، بە زاراوەی بوون ( مەینی بەها فۆرمە کۆمەلایەتیەکان ) ، زمان کە دامەزراوەیەکی هێمایە ، ئەم چوار رەهەندە ئەوەی تیا بەدێ دەکرێت کە بریتییە لەو پەیوەندییەی کە لە

نێوان مرۆڤ و کلتور و کۆمەڵەکەدا هەیە ، کلتوور تۆریکی پەیوەندی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵدا ڕێك دەخات بە پێی پێوەرو ڕەفتارییەکان ڕێسا ئاینیەکان کە کلتور هەر کۆمەڵێك پێوەی کاڕێگەرە سزاکان تیادا وەستاوەن سەر نکوڵی کردنی ویژدان یان سزاکانی ئەو دوونیایە ، بۆ نموونە کلتوری کوردی کە ئێمە وابەستەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامین ، ئەبینین و ڕەنگدانەوەی لە ئاوازی مرۆڤی کوردا هەیە ، کلتور کۆمەڵیك خاڵ و پێرەو ئەخاتە بەردەم ئەندامانی کۆمەڵ و کۆمەڵیش بوونی نیە بەپێچەوانەشەوە ، کەواتە کلتور و کۆمەڵ دوانەیەکی هۆشەکین ، کە زۆر نزیکن و جیاکردنەوەیان مەحاڵە و کار لەسەر یەکتر دەکەن ، لە بازنەی کۆمەڵدان.

**1/3) ڕۆڵی دەوربەری لە سەر زمان**

دەوروبەر چەمکێکی فراوانە و هەموو ئەو شتانەی دەگرێتەوە کە کاڕێگەریان لەسەر زمان هەیە لە ئێستا و ڕابردوودا ، دەوروبەر (( تاکە ڕێگەیە واتای فەرهەنگی و واتای مەبەستمان بۆ ڕوون دەکاتەوە ، بەڵام لە ئاستی سیمانتیکدا دەوروبەر پشتگۆی دەخرێ ، هەر بۆیە واتای سیمانتیکی تەمومژی لێدەکەێتەوە ، دەوروبەر خاڵێکی گرنگی جیاکەرەوەیە لە نێوان سیمانتیکدا و پراگماتیك پراگماتیکیش بریتییە لە ( واتای سیمانتیکی + دەوروبەر ) جا ئەگەر واتایی سیمانتیکی بە دەوروبەر ببەستینەوە ئەو کات واتای وشەی کۆتایی نایەت ) هەروەها پراگماتیك (( زانستی بەکارهێنانە لە دەوروبەردا یان بەکارهێنانی کەرەستە زمانییەکانە ، یان نیشانەکانە لە دەوروبەردا ،کاتێ قسەیە دەکرێ بۆ لێکدانەوە پشت بە دەوروبەر دەبەسترێ ، دەوروبەر ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینێ بۆ لێکدانەوە مەبەستی گوتنەکان ، چونکە زۆربەی گوتنەکان ئەگەر تاکە وشەیەکیش بێت ، ئەوا واتاکەی لە فەرهەنگدا دیاریکراوە ، بەڵام کە خرایە دەوروبەرەوە ئەوا واتای تر بە دەستەوە دەدات )) ، هەروەها دەوروبەر ئەوە دەگەیەنێت کە (( بیێتە هۆی ئەوەی ئیمە کۆمەڵێك دەربڕینی کورت بەکاربهێنین جونکە دەوروبەر گوتن ڕوون و ئاشکرا دەکات ، دەوروبەر بە واتای ئاماژەکردن بۆ هەموو ئەو هۆکارانە کە بەشێوەیەکی سیماتیکییانە فۆرم و واتا گونجاندنی ئاخاوتن دیاری دەکەن )) ، هەورەها دەوروبەر بریتیە (( لەو زانیاریە هاوبەشانەی کە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا هەیە ، کە یارمەتی گوێگر دەدات بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی قسەکەر لە هەر گوتنێکی دیاریکراودا ،بە مانایەکی تر دەوروبەر ئەو زانیارانە پێشیانە دەگرێتەوە کە لە نێوان ئاخێوەراندا هەیە و ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی قسەکەر )) ، هەروەها دەوروبەر بریتییە لە (( هەر زانیاریەکی پێشینە کە مەزەندە دەکرێت هاوبەش بێت لە نێوان قسەکەر و گوێگردا ، کە یارمەتی گوێگر دەدات بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی قسەکەر لە هەر گوتنێکی دیاریکراودا و واتایەکی گوزارشتکراو دەگەیەنێت ، بۆ نموونە :

دەق (( پێش ساڵێك خێرخوازێك نەخۆشخانەیەکی لە گەڕەکی ئازادی دروست کرد ، من کارمەندی ئەو نەخوشخانەیەم ، گەر چی نەخۆشخانەکەمان لە ڕووی خزمەت گوزارییەوە بە یەکەم دەرچووە ،کەچی هەفتەی ڕابردوو لەبەر هەندێ هۆی تەکنیکی ناچاربووین نەخوشخانەکەمان بگوازینەوە بۆ ناو نەخوشخانەی ڕزگاری )) .

لەم دەقەی سەرەوەدا سێ جار هێڵمان بە ژێر وشەی ( نەخوشخانەدا ) کێشاوە ، هەر جارەش واتایەك دەبەخشێ ، لە یەکەمدا وشەی ( نەخوشخانە ) بە واتای ( بیناکەی ) دێ کە کەوتۆتە گەڕەکی ئازادییەوە ، لە دوەمدا بە واتایی ( کارمەندەکان ) دێن ، لە جارێ سێیەمدا وشەی ( نەخوشخانە) بەواتای (کەرەستەکان ) ی ناو ناخوشخانەکە هاتووە ،کە

Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

هەموو ئامێر و کەل و پەلەکان دەگرێتەوو ئەمیش بەشێکە لە باوەشکردنەوەی واتا لە بۆ تەکی گشتگیردا .

**.1-1/3)**جۆرەکانی دەورووبەر : جۆرەکانی دەوربەر بریتین لە**:**

**١ -دەورووبەری فیزیکی،2دەورووبەری کۆمەڵایەتی،3- دەوروبەری زمانەوانی .**

**٤-دەوروبەری ئەبستمی،5 دەورووبەری دەروونی ( سۆزداری )**

**١-دەوروبەری فیزیکی** :- مەبەست لەم زاراوەیە ڕوونکردنەوەی ئەو شوێنەیە ،کە قسەکەر تێیدایەتی و ئەو ڕووداوەی ، کە رویداوە چییە و ڕێگەی پیشکەشکردنی بابەتەکە لە کوێیە و شیاوی شوێنی ڕستە گۆڕاوەکان تاقیدەکاتەوە و گونجاو و نەگونجاویان لە رووی نەریتە تایبەتی و گشتیەکانەوە دەخاتەڕوو (( حەسەن علی ابرهیم(45:2009 )

نموونە

**-جگەرە کێشان قەدەغەیە .**

ئەم قسەیە لە کۆمەڵی کوردیدا جۆرێکە لە ڕووی شکاندن ئەگەر بە کەسیك بوترێ ، بەڵام ئەم جۆرە قسەکردنە ئەگەر لەسەر دیواری فەرمانگەیەك بیت، یان لە نەخۆشخانەیەك ئەوا جۆریك لە کردەی قسەیی جێبەجی دەکات ، ئاسایی وەردەگیری و واتایەکی ئاوەزەیی پێدەگ دەگەیەنێت .

٢-**دەورووبەری کۆمەڵایەتی** :- پێوەرێکی کۆمەڵایەتی و کەلتورییە بە وشە دەوردراوە کە لە چێوارچیوەیدا واتایەکی دیاریکراو وەردەگریت ، زمانەوانەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەم رێبازە کەلتورییە پێوسیتە ، بۆئەوەی قسەکەرانی زمانێك پەیوەندی و گەیاندن لە نێوانیان ئەنجام بدرێت.

گۆرانی نەریتی هەر کۆمەلگایەك کار لە واتای دانە زمانییەکان دەکات ، لەمەش زیاتر وا دەکات کە هەندێ لەو دانە زمانیانە لەناو بچن و رەگ و ریشەیان نەهێنی ، دەوروبەری کۆمەلایەتی جۆری ئەو کەشە کۆمەلایەتییەکان بۆ ڕوون دەکاتەوە ، واتە ئەو قسەی دەکرێ لە چ کاتی گوتراوە ؟ یان لە چ شوێنیك بووە ؟ پلەی قسەکەر و گوێگر چییە ؟ هەروەها جۆری ئەو پەیوەندییە کە لە نێوان قسەکەر و گوێگر هەیە کە ئایا ( هاوڕێن ، بران و خزمن ) جگە لەمانە کردە نازمانیەکانی کە لەو دەوروبەرە ئەنجام دراوە وەکو جولەی دەستەکان و رەنگ و رووی بەشداربووان )) بۆ نموونە :

ئەو واتایەیی لەو شێوازەی کە تاك لەگەڵ پیرێك بەکاردەهێنی پێویستە زۆر جیا بێت لەگەل ئەو شێوازەی ، کە لەگەڵ هاوتەمەنیکی خۆی بەکاردەهێنیت ، لە کۆمەلگای رۆژهەلاتی (( بە گشتی پیاو شێوازێکی گران و سەنگین لەسەر خۆی هەیە کەم پێدەکەنێ ، گەنجاوە دەنگیان بەرز بکەنەوە لەکاتێ قسەکردن لەگەڵ تەمەنە بچووکەکان ، بەڵام ناتوانن دەنگیان بەرز بکەنەوە لە پیش چاوی پیاوی تەمەن گەورە ، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەهایانەی کە لە نەریتە کۆمەلاتییەکان هەلگیران ، بۆ نموونە زۆربەی کات مندال دەکەوێتە ژیر کۆنترۆڵی وتەکانی باوك و دایك ، منداڵ ( گەورە ، بچووك ) لە کۆمەلگای ئیمە نایێت قسە باوکی ببرێ ،یان دەنگ بەرز بکاتەوە ، ئەم نەریتە لەسەر کچ زیاتر پەیرەو دەکرێ لە کور ، وە نەبی ئەم بی ریزییە تەنها خۆی لە دەنگ بەرزکردنەوەی بنوینی ، بەڵکو جۆرێ بانگ کردن و ناو هێنانیش بەدیار دەکەوێ ( منداڵ ) بە زۆری ناوی باوکی و دایکی یان مامی و خاڵی ....نابات بەڵکۆ بە ( بابە ، دایە ، مامە ز خاڵە ..) بانگی دەکات ))

٣ -**دەوروبەری زمانەوانی** :- قسەکەر بۆ لێکدانەوەی مەبەستی ڕستە دەربراوەکان پەنا دەباتە بەر دەوروبەری زمانەوانی و لەرێی پرۆسە رێزمانییەکانی ( فۆنۆلۆژی ، مۆرفۆلۆژی ،سینتاکس ،سیمانتیك ) وەوە جفرە هاوبەشەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر لیکدەدرێتەوە

دەبێت قسەکەر و گوێگر زمانی کوردی بەردەوام دەسەڵات شکانەوەیان بەسەر زمانی کوردیدا بشکێتەوە بۆ ئەوەی بتوانن بەردەوام بەشداری لە کردەیی پەیوەندی گفتوگۆکردن و لەیەکگەیشتیندا بکەن ، ئەو دەسەڵاتە شکانەوەیان بە سەر زمانەکەدا دروستەی فۆرم و واتا و گۆکردن لەتەك دەربرین و تێگەیشتندا دەگەڕێتەوە ) بۆ نموونە :

**-کچی لەگەڵ تۆمە** .

واتە قسەکەر داوای کردەیەك لە گوێگر دەکات و لەڕێی ئەو ئاوازەیەوە نرخی گوێگر لە دیدی قسەکەرەوە دەردەکەوێت.

٤ **-دەوروبەری دەروونی ( سۆزداری):-** ئەم جۆرە دەوروبەرە پابەندە بە پلەڕادەی هەڵچوونی کەسەکەوە، چونکە هیچ هێمایەکی زمان دەستنیشان ناکرێ و بوونی بۆ دانانرێ ، ئەگەر بیت و لایەنێکی دەروونی لە پشتی ئەو هێما زمانیەوە نەبێت ، ناوەرۆك و پەیوەندی دەروونی لە نێوان ئاخێوەرێك و ئاخیوەریکی تردا جیاوازییان هەیە لەم دەوروبەرەدا لە لای گوێگر ،بە پێی ئەو بۆچوونە دەبێت ، کە بارە دەروونیەکەی ئەوا پاڵدەرێکی سۆزداری هەمیشە دەبێتە بازنە لەکاتی جیاواز و بەکارهێنانی جیاوازدا ڕەنگی جیاوازیش دەبەخشێتە وشەکە ، بۆ نموونە :

ئەگەر بڵێین ( سەرچنار ) دەکرێ دوو جۆر واتا بگەیەنێ لەکاتێکدا ئەگەر قسەکەر پیشتر سەردانی ئەو شوێنەی کردبێ ، ئەم دوو واتایەش یان یادگارییەکی خۆشە ، یان یادگارییەکەی ناخوشە ، بەڵام واتای ئەم دەربرینە لەم دەوروبەرەدا لە لای گۆێگر بە پێی ئەو بۆچوونە دەبیت ، کە بارە دەروونیەکەی دەستنیشانی دەکات ، چونکە وشە جگە لە پیکهاتە زمانیەکەی ئەو پاڵدەرێکی سۆزداری هەمیشە دەبێتە بازنەی لەکاتی جیاواز و بەکارهێنانی جیاوازدا رەنگی جیاوازیش دەبەخشێتە وشەکە .

٥ -دەوروبەری ئەبستمی :- زانیاریە دوونیایەکان لە لایەن قسەکەرەوە هەڵدەگوزەوێت و بە جفرە و دەنیرێن بۆ گوێگر ، گوێگریش بەپێی ئەو باکگراوەندە و پرنسیپانەی ، کە لە گەل قسەکەردا هاوبەشی پێدەکات شیدەکاتەوە و واتایەك یان چەند واتایەکی تر دەدات بەو ڕستە و فۆرمی کەپێی گەیشتووە ، بۆ نموونە :

**ا- سەعات چەندە ؟**

**ب - هیشتا بانگی نەداوە** .

واتە زانیارییەکی کۆمەڵاتییە کە لە نێوان قسەکەر و گوێگردا هاوبەشە لە ( ب) وەرگر دەزانێت کاتەکانی بانگدان دیاری کراون و چەند کاتژمێرێك تێناپەڕێت و نێرەریش هەمان زانیاری لەلا دەستدەکەوێت ، بۆیە ئەم زانیارییانە کۆد دەکات و لە دەورووبەرێکی ئەبستمیدا دەینێریتەوە بۆ پرسا بۆ بەردەوامبوونی کردەی گەیاندەکە.

.3/1-2) **ڕۆڵی دەوروبەر لەسەر زمان :-**

ڕۆڵی دەوروبەر (( گرینگییەکی بەرچاوی لە هەڵهێنانی واتای دەربراوە زمانیەکاندا هەیە ئەم تێروانینەش بە تێبینیکردنی چەندین ڕستەی لەم شێوەی خواراوە بەدیدەکرێت :

١ **-پۆلیسەکە دزەکەی (گرت )** .

**٢-پیاوەکە ڕۆژووی ( گرت )** .

**٣-دارەکە بەری ( گرت )** .

**٤-منداڵەکە چاوی خۆی ( گرت )** .

**٥-منداڵەکە گوێی ( گرت ).**

بە وردبوونەوە لە واتا جیاوازەکانی کرداری ( گرت ) ئەوە بەدیدەکرێت ، کە ( گرت )لە هەر یەك لەو ڕستانەی سەرەوەدا واتایەکی جیاواز بە دەستەوە دەدات ، هۆکاری ئەمەش

دەگەڕێتەوە بۆ هاتنی کردارەکە لە دەوروبەری زمانیی جیاوازدا ، بەشیوەیەك لە رستەی (١) دا واتای ( دەستگیرکردن ) دەبەخشێت ، بەو واتایەی کە لەکەسێک کەسیکی تر بە شێوەیەکی کارەکیی بە دەست دەگرێت و دەستی لێدەدات ، لەکاتێکدا واتای (گرت) لە رستەی( ٢)دا بە واتای دەست لێدان نەهاتووە ، بەلکۆ بە واتای ( جێبەجێ کردنی ئەرکێکی ئایینیی هاتووە کە ڕۆژوو گرتنە ) ،بەلاَم لە ڕستەی (٣) دا کردارەکە بە واتای ( بەرهەمهێنان ) هاتووە ، بەو پێیەی دارێک ،کە بەرێك دەگرێت بەردار بیت پێدەگوترێت ( بەری نەگرتووە ) ، لە ڕستە (٤) دا واتای پێکهاتەی ( چاوی خۆی گرت ) زیاتر واتای ( داپۆشین ) دەخاتەڕوو ، هاوکات لە ڕستەی (٥) دا کرداری (گرت) بەواتای بیستن دێت ، لەبەر ئەوە لەگەڵ دەربراوی (گۆی) دا هاتووە ،هۆکاری بەخشینی واتای جۆراوجۆری کرداری (گرت) لە ڕستەکان (١،٢،٣،٤،٥) دەگەڕێتەوە بۆ هاوریيەتیێ لەگەڵ وشەی جیاوازدا لە چێوارچێوەی درستەی سینتاکسییە جیاوازەکاندا ، هەر بۆیە ئەم دەوروبەرانەی کردارەکەی تێییدا بەکارهاتووە دەوروبەری زمانین )) ، هەورەها دەوروبەر هۆکارێکی سەرەکی ڕەوینەی لێلیيە لەزماندا دەوروبەریش (( بنەما و هۆکاری بنەڕەتی فەرهەمبوونی پراگماتیکە بەم شێوەیە لە ڕێی پراگماتیکەوە دەتوانین لێڵی زمانی پرەوێنێتەوە ، بەپێی بەشداریکردنی بنەماکانی پراگماتیك کە پیکهاتووە ( قسەکەر ، نێرەر ،بەشداربوون .... هتد ) بۆ نموونە :

-باشبوو پشتیانگرت .

ئەم ڕستەیە رستەیەکی لیلە ، چونکە ئەم واتایانەیە لە خۆ دەگرێت :

١-پشتیان گرت ___ گەمارۆیاندا .

٢-پشتیان گرت ___ یارمەتیاندا .

٣-پشتیان گرت ___ خۆیان شاردەوە و هەڵهاتن .

٤ -پشتیان گرت ___ بەدەست پشتی کەسێک بگریت .

کەواتە ئەم ڕستەیە بە چوار واتایەی سەرەوە دیت ، کە ئەمەش تەنها لە رێی دەوروبەرەوە دەتوانین واتاکەی ڕوون بکەینەوە . بۆیە دەوروبەر ڕۆڵێکی گرنگ دەبینی لە دەستنیشان کردنی واتای ئەو وشانەی ، کە لە ناو رستەدا واتایەکی لیل دەبەخشن ، بۆیە کاتێك سیمانتیك نەیتوانی واتای وشەکان لەناو ڕستەدا دەستنیشان بکات ، ئەوا دەبێت لە رێگەی دەوروبەرەوە ئەو واتایانە دەست نیشان بکرێت.

**2/3) تابۆ و جۆرەکانی تابۆ لە بۆتەی واتادا**

**تابۆ بریتییە لەو دەربراوە زمانییە، یاخود نازمانییە قەدەغەکراوانە، بەکارهێنانیان لە لە کۆمەڵدا ناپەسەندە و نەگونجاوە. ئەم تابۆکراوانەش لە کۆمەڵ و قۆناغایکەوە بۆ کۆمەڵ و قۆناغێکی تر وات و مەبەستی دەگۆڕێت. جۆرەکانی تابۆ بریتین لە:**

١-تابۆی ئایینی :- لەناو هەر گەلێکدا بەها و ڕێسا ئاینییەکان وەك پێکهاتەیەکی کلتوری میللەتەکە پێگەیەکی بەرچاوی لە ناخی تاکەکانی ئەو گەلە هەیە .

بۆ نموونە چەمکی تابۆی وشەی ( تەلاَق ) :

-نازدار و مێردەکەی لە یەکتر جیابوونەوە .

-نازدار تەلاَقی لە مێردەکەی وەرگرت .

-نازدار خۆی لە مێردەکەی دەرباز کرد .

-نازدار تەلاَق درا .

-ئەو هەمیشە وشەی تەلاَق لەسەر زارییەتی . شاخەوان فەرەج جلال(2013:649)

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت واتای ڕستەی (١)، چەمکێکی لێڵی تابۆی تەڵاق دەردەپڕیت بە واتای ئەوەی چەمکەکە هەم هەڵگری لایەنی پۆزەتیڤی واتای تەڵاقە ، کە ( لایەنی باشی جیابوونەوەی ئازدار و مێردەکەیەتی کە لەوانەیە نەگونجاوین و لەم قوناغەدا شیاوترە لە یەك جیابینەوە )) لە لایەکی تریشەوە چەمکی تابۆی تەڵاق لەم ڕستەیەدا هەڵگرێ لایەنی نێگەتیڤی واتای تەڵاقە بەو پێیە بە پێی بنەماکانی ئایینی ئیسلام جیابوونەوەی ژن و مێرد کارێکی بێزراو و نەشیاوە .

١ -**تابۆی نەخوشی و مردن** :- لەناو کلتوری گەلی جیهاندا بە گشتی و لەناو کلتوری کوردەواریدا بە تایبەتی ئەم بابەتە جێی تیرامان و بیردکردنەوەی تاکەکانی میللەتەکەمان ، هۆکاری سەرەکی ترس و بیرکردنەوەی مرۆڤ ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی و ژیانی مرۆڤ لە لای خوای گەورە ، بۆ نموونە :

-نەوزاد توشی نەخوشی گەڕی بووە .
-نەوزاد هەمیشە خۆی دەخورێنی .
-نەوزاد گەڕ بووە .
-قسە لەگەڵ ئەو گەڕە ناکەم.
-گەڕە بۆ دیار نیت .

لێرەدا لایەنی پۆزەتیڤی چەمکی تابۆی گەڕیی لە دەربراوەکە دەبینێریت و لایەنە نێگەتیڤەکە ئەوەیە نەخوشی ( گەڕێی ) نەخوشییەکی گواستراوە و لەش و رووخساری تووشبوو وشك دەبێت، گوێگر ئاگادار دەکرێ کە خۆی بە دووە بگرێت لە کەسی تووشبوو ، لە لایەکی تر دەشێت تەنها ئەوە بە گوێگر ڕابگەنرێت کە ( نەوزاد تووشی نەخوشی گەڕیی بووە )

٣-تابۆی سێکسی :- یەکێک لە تایبەتمەندی هەرە دیارەکانی هەڵسوکەوتی تاک لە گرۆپە کۆمەڵاتییەکاندا جێخوشکردن و هەوڵدانیپەکی بۆ هەڵکردنی لە ناو گروپە کۆمەڵاتییەکان ، مەبەستە زۆرینەی زۆری تاکەکانی کۆمەڵ هەوڵ دەدەن بە پێی باو و ڕۆیشتوو و خوو نەریتی باو خۆیان بە دوور بگرن لە بەکارهێنانی ئەو دەربراوە زمانییەی کە لە نیشانەی پرسیاریان لەسەر دروست دەکات بۆ نموونە:

مەمکم دەخورێت . مەمکم ئازاری تێدایە . ئەو مەمکی گەورە بووە . ئەو مەمکی بە دەرەوەیە.

لێرەدا وشەی ( مەمك ) لەهەر چوار ڕستەکەدا هەمان چەمك دەردەبڕین کە ئەندامێکی لەشی مرۆڤ و لە لەسەرجەم ڕستەکاندا لایەنی نێگەتیڤی چەمکە دەربراوە ، ئەمەش بە واتایەی لە ڕووی کۆمەڵاتییەوە دەربراوەکە تابۆیە و هیچ لایەنێکی پۆزەتیڤی تێدا نابێنرێتەوە.

٤ -تابۆی بێڕێزیی :- کاتێ بەها کلتورەکان دەبنە پێوەر بۆ نەشیاوی دەربراوە زمانییەکان ئەوا بەکارهێنانی ئەم دەربراوانە لەلایەن قسەکەرەوە جۆرە بێریزییەکی بەرامبەر بە گوێگر تێدایە ، بۆ نموونە :•

-دەچم بۆ ئاودەست. ، دەچم بۆ تەوالێت . -دەچم بۆ. W. C ، دەست بە ئاو دەگەیەنم.

ئەگەر لەم ڕستانەی وردبینەوە . دەبینین کە هەر یەکەیان بە جۆرێك چەمکە دەرهاویشتەکەی بایلۆژی مرۆڤ دەردەبڕیت .

تابۆی ( شوێن ، کات ، ژمارە ):-

ا - تابۆی شوێنی :- لە سەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤایەتیەوە ، مرۆڤ هەوڵیداوە لە دیاردە و ڕووداوەکانی دەوروبەری خۆی بگات ، پەیوەست بە شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکان و کاتی ڕوودانیان و چەند بارەبوونەوەیان ،بۆ نموونە :

-پێ بە قەبرەکەدا مەنێ . مەیەڵە ئەو منداڵە بچێتە سەر قەبران .

لێرەدا پیرۆزی سەر قەبران بۆتە چنینی لایەنی پۆزەتیڤی چەمکی ( سەرقەبران ) کە پێشلکردنی لە لەلایەن خەڵکییەوە وەك تابۆیەك سەیر دەکرێت.
ب- تابۆی کات :- باوەڕی مرۆڤ بۆ کات باوەڕیکی شێلگیرانەیە هەر بۆیە ڕوودانی ڕووداوەکان و کاتی ڕوودانیان ، هەورەها جێبەجێکردنی کاتی ڕووداوەکان لای مرۆڤ بە هەند وەرگیراوە بۆ نموونە :
-بەم هەینییە خۆت گونهبار مەکە . بەم ڕەمەزانە خواردنەوەی چی .
لەم دوو ڕستەیەدا پیرۆزی رۆژی ( هەینی ) و ( ڕەمەزان ) بۆتە هۆی ئەوەی ، کە جێبەجێکردنی کردەی مەیخواردنەوە و هەر کردەیەکی تر ناجایزە .
ت- تابۆی ژمارە :- ژمارەی ڕوودانی ڕووداوەکان ێ ئەگەر شوێن و کاتی ڕووداوەکان گرنگتر نەبێت ، ئەوا بە هێندەی ئەوان گرنگە ، چونکە هەندێك لە ژمارەکان ئاماژە دەدەن بە رۆژی ڕوودانی رووداوە شومەکان ، بۆ نموونە : ناوچەوان سیانزەیە.
لێرەدا (١٣) هێمایەکە بۆ ئەو کەسانەی شانس و بەختی باشیان لە ژیاندا نیە و بەردەوام ئاسانترین کاریان بۆ قورس دەبێت ،دیارە ئەم بۆچوونەش بۆ ئەم ژمارەیە لە باوەڕیکی ئەفسانەیی کۆمەڵەوە هاتووە.
٣ -شێوازی وشك :- ئەو شێوازەیە کە وشەی فەرمی زۆر تێدا بەکاردێت بە چەشنێکە کە گوێگر لەوێ نەبێت، چونکە بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت کار بکاتە سەر ئەوەی کە دەوترێت ، وەك شێوازێکی وتەیەکی فەرمی و نزا و سەلاوات و رێکلام کردن و خوێندنەوەی کتێبە پێرۆزەکان و شعر خوێندنەوە و نمایشکردنی شانۆگەری ، هەروەها هەموو ئەوانەی لە رێی چاپکردنەوە بڵاوکرابنەوە ، گوێگر لێرەدا هیچ رۆڵێکی نییە و بەشداری لە چالاکییە زمانییەکان ناکات و بەدەگمەن روودەدات کە قسەکە ببڕێت.
٣شێوازی دۆستانە :- ئەم شێوازە فەرمی بوونی پێوە نابینرێت ، ئەرکی ئەم شێوازە بە پێی بەکارهێنانی دیارە لە ئەرکی شێوازەکانی تردا جیاوازە ، وەك ئەوەیە مەبەست لێی گوزارشت کردن بێت لە هەست و سۆز زیاترە لەوەی گواستنەوەی بیر و بۆچوون و زانیارەکان بێت ، زۆر جار قسەکەر ئەم شێوازە بۆ رێخوشکردنی ئاخاوتن و پیشاندانی پتەوی پەیوەندی نێوان خۆی و گوێگر بەکاردێنێت ، ئەم شێوازە بۆ لە لەنیوان خۆشەویستان ،هاوسەران و هاورێیانی زۆر نزیك ..... و ئەو کۆمەلانەی کارێکی وردی گرنگ ئەنجام دەدەن وەك ، پزیشکان و یاریدەدەران و پەرستانی هاوبەش لە پرۆسەی چارەسەری نەخوشدا ، یان پیشەوەرانی هاورێ و نزیکی یەکتر بەکاردێت )) ئەم شێوازە لە زمانی کوردیدا بەشێوەیەکی گشتی لە پیشەکاندا لە چێوارچێوەی دەربڕینی وشە و دەستەواژەکانی وەکوو ( گیان ، قوربانت بم ، قوربانی بابت بم ، کوری گەورەم ) دا دەردەکەوێت و دەکرێت درکی پێبکرێت ، ئەم شێوازە بە پێی پلەوپایەی کۆمەڵایەتی بنیادنراوە ، بەڵام بە پێی لایەنی دەروونی و هەڵچوونی شێوازی دەربرین چەند جۆرێکی تر لە خۆ دەگرێت.
ا- شێوازی رەق . ب- شیوازی هەرەشە ت- شیوازی سوکایەتی پێکردن و جنێودان .
پ- شیوازی تونج لێدان . ج- شێوازی گاڵتە ئامێز لێرەدا لەبەر سنورداری ئەنداز او صەندێتی تەتەێژینەوەکە تەنیا. لە شێوازی گاڵتە ئامێز دەدوێین.
**شیوازی گاڵتە ئامیز** :- ئەم شیوازە زیاتر بۆ خوشی و پێکەنینە، پلەی ریزگرتنی تێدایە و کاتێ گالتەکردنیش گەیشنە ئاستی هەڵچوونی باری دەروونی و تورەکردن و بریندارکردنی هەستی بەرامبەر ، دەچێتە ئاستی شێوازەکانی توانج لێدان و سوکایەتی پێکردن ،بۆ نموونە قسەکانی مەلا زەبوور :- جارێکیان لە مەلایان پرسی ئایا فێری حساب بویت وتی بەڵێ ، وتیان دەباشە چوار دینار بەسەر سێ کەسدا دابەش بکە ، مەلا وتی دوانیان یەکی دوو

دیناریان ئەدەمێ ، وتیان ئەم سێیەم ؟ وتی : بابچێ کۆشش و گردوو کۆ بکاتەوە تا ئەویش دوو دیناری دەست کەوێت )) .ئەم جۆرانەش شیواز و ڕۆڵێکی گرنگیان لە پرۆسەی پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکان و ئاراستەکردنی بەرامبەر هەیە ، لەزۆربەی زمانەکانی جیهاندا بەپێی هەر کلتورێك ئەم جۆرە شێوازانە ڕەنگدانەوەیان هەیە و دەکرێت لە کلتوریك بۆ کلتورێك ، یان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاواز بێت و گۆرانی بەسەردا بێت.

کەواتە **تابۆ لە پێگەی کۆمەڵەوە بە دیدگرتنی دەوروبەر ئەوا لە فراوانبوونی واتا لە پارگماتیکدا واتای نوێ دەنەخشێنێت.**

**3/ 2)پاساکانی ئاخاوتن:**

.ئاخاوتن :- هەر گوتنێك یان کردەیەکی قسەی کە قسەکەر و گوێگری هەبێت و نییەتی قسەکەر ئەوە بێت کاڕێگەری لەسەر گوێگر دروستبکات .

•ئاخاوتن :- قسەیەکە لە نێوان دوو هاوبەش یان زیاتر کە بە ئازادی بەڕێوە دەچێ.

کۆمەڵگای کوردی وەك هەر کۆمەڵگایەکی دی خاوەنی کۆمەڵێ یاسا و پێوەری قسەکردنە ، کە ئەمانەن:

١ -زۆر گوتن ( زۆر بڵێی ) -:لەکۆمەڵگای کوردی وەك ( لە زۆربەی کۆمەلگاکاندا زۆر بڵێی کارێکی پەسەند نییە و خەڵك بێزار دەکات ) ئەمەش دەبێتە کاردانەوەیەکی نایی لە لەلایەن گوێگر بە ئاڕاستەی قسەکەر تێروانینی گوێگر بۆ قسەکەر نەویستراوە دەبێت بەمەش پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکان لاواز دەبن بەهۆی زەوتکردنی مافی گوێگر .

٢ -ڕاستگۆیی : بەشێکی گرنگ لە کەسایەتی تاك پێکدەهێنی ، کەسی ڕاستگۆ لە کۆمەڵدا خاوەن پێگەی دیار و خاوەن پەیمانە و متمانەی پێدەکرێ ، زۆر جار دەگوترێ :

-کەسێکی راستگۆیە . ساحیێی قسەی خۆیەتی. دەزانێ چ دەڵێ .

٣ -دۆرکردن : پێچەوانەی راستگۆیی کەسایەتی تاك لەکەدار دەکات ، لە کۆمەڵدا بە سوك سەیر دەکرێ و متمانەی پێناکرێت ، گوێگر ئەگەر ئەو سیفەتەی قسەکەر بزانێ و شارەزای بێت ، گوێی بۆ ناگرێ لە کۆمەڵدا بە ( درۆزن ) ناودەبرێ.

٤ -دەنگ بەرزکردنەوە(دەنگ هەڵبڕی )دەنگ بەرزکردنەوە لە کردەی قسەکردندا یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکیانەی، کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لاواز دەکات بە رەچاوکردنی پەیوەندی نێوان گوێگر و قسەکەر، چونکە دەنگ بەرزکردنەوە دەبێتە هۆی پێشێلکردنی کەسایەتی گوێگر.

3/3)- **ڕێزداری:** مرۆڤ بەگشتی لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا هەڵودەدەت بە شێوەکی بەڕێز و پر لە حورمەت لەگەڵ کەسانی دەورووبەری خۆی مامەڵە بکات، تاوەکو پەیوەندییەکی گونجاو لەگەڵ بەرامبەرەکەی دروستبکات لەڕیگەی پەیرەوکردنی ڕەفتاری بەڕێزانەوە ، ئەویش زارەکی بێت، یان نازارەکی وێنەیەکی شیاوی خودی خۆی بە کەسانی دیکە نیشانبدات و کەش و هەوایەکی پر لە ئارامی و نەرمی و نیانی بخولقێنی و مەبەست و پەیامی خۆی بگەێنیت. لەمبارەیەوە. پیتەر فرانس (petar farans - دەڵیت : ڕێزداری فێربوونی رەفتاری ڕاست و دروستە لەگەڵ بەرامبەر لەگرۆپیکی کۆمەڵایەتیدا " واتە ڕێزداری پێویستیەکی کۆمەڵاتیە ، هاندەرێکی باشە بۆ زاڵبوون بەسەر گرفت و رووبەڕووبوونەوەکاندا ، یاخود بارێکە کە دەبێت لە هەموو گفتوگۆیەکدا چاوەڕێ بکرێت و لە ئارادابیت بۆ دروستکردنی پەیوەندیەکی بێ گرفت بۆ هۆکارێکی کاڕێگەر دادەنرێت ( ئارام عبدالواحد ٢٠١٣ :٣٦ ).

(لیچ ) دەڵیت " رۆڵی ڕێزداری لە هەر کارلێکردن و پەیوەندیکدا بۆ بەردەوامبوونی هاوسەنگی هێزی کۆمەڵایەتی و بەردەوامبوونی پەیوەندیە هاورێیەکانە " (ئیسکاندڵ ڤێدڵ ) پیی وایە " رێزادری پێویستی بە دوورکەوتنەوە لە دەرئەنجامی نەویستراوی بێ ریز

بەهەمان شێوەی ( براون و لیڤسن ) ( کاسپر ) ڕەچاوی دژایەتی و مەترسی بۆ بۆماوەیی لە گفتوگۆ و پەیوەندیەکاندا دەکات ، بە جۆریك باسی ڕێزداری زمانی دەکات ،بە کۆمەڵێک ستراتیژی ئارەزوومەندانە ناودەنیت ، کە ئاخێوەر بەئاسانی بۆ مەبستی کەمکردنەوەی مەترسی و شەرەنگێزی بەکاریدێنێت ، بە لایەنی کەم دەبنە هۆکاریك بۆ پارێزگاریکردن لە هاوسەنگی و لەگەڵ یەک گونجان. ڕێزداری باریکێ کۆمەلاتیە ، کە توانا و ژیری لە کۆمەلەوە دەستەبەر دەکات، ( Lakoff ,1973 : 34 ).
مەبەستی گەیشتن بە باریکی بریقەدار ، کە تیایدا ڕەفتارە کۆمەڵاتیەکان بەشێوەکی زیاتر پەسەند دەکات و نمایدیدەی جۆرێکە لەواتا و فراوانبوونی واتا.

### 3/3-1)- ستراتیژەکانی ڕێزداری:

پەیڕەوکردنی دیاردەیەکی وەک ڕێزداری لەلایەن کەسەکانەوە تەنیا لە چیوارچیوەی هەڵبژاردنی چەند وشەیەك ،کە ڕامانی ڕێزدەدەن لە قسەکردن و مامەڵکردندا ناوەستێت ،بەڵکو وەک کارێکی ورد و ئاڵۆز پێویستە ئاخیوەر نەخشەی بۆ دارێژیت ،بیر لە گرتنەبەری چەند ڕێگە و شیوازیک بکاتەوە تاوەک بتوانێ ئامانجی خۆی بگەینێ ، وەك ئاشکرایە زمان چەند ئەرکێکی جیاواز جێبەجێدەکات، ( مەبەست لە ئەرکەکانی زمانیش ئە کارانەیە ، کە مرۆڤ بەهۆیەوە لەناو کۆمەڵدا ئەنجامیاندەدات ،هەرچەندە ئەو کارانە ورد و تیکەڵن بە ئاسانی پۆلین ناکرین ، بەڵام بەگشتی زمانەوانەکان بۆ سەر حەفت ئەرکی سەرەکی دابەشیان کردووە ئەوانیش :( زانیاری و هەواڵگەیاندن ، پرسیایکردن ،فەرماندان ، جیخوشیکردن ، راپەراندن ،هەست دەربرین و وورژاندن ) ( محمد معروف فتاح ١٩٩٠ : ٣٦ ) بۆ ئەنجامدانی هەر یەک لەم کارانە پێویستە مرۆڤ بەشێوەیەکی ژیرانە و ستراتیژی جیاواز بەکاربهینیت ، سنوریك بۆ چۆنیەتی دەربرین و گفتۆگۆیەکانی دیاری دەکات و هەولی ئەوەش بدات سنوری بەرامبەرەکەی بپاریزیت ، تاوەکو جیگایی ناو گروپە کۆمەڵاتیەکاندا بکاتەوە و ناسنامەیەکی شایستە بۆ خوێ لە قالبی ڕێزداریدا دروستبکات.
(هیرشۆفا ) باس لە چوار ستراتیژ دەکات لەبابەتی ڕێزداری زمانیدا ، کە برتیین لە:

**- 1پەیامی ڕاستەخۆ،2-رێزنواندنی ئەرینێ .3-رێزنواندنی نەرێنێ 4-پەیامی ناڕاستەوخۆ**

-1**پەیامی راستەوخۆ :** لەم ستراتیژیەدا ئاماژە بەو وتە و کردارە ڕاستەوخۆیانە دەکریت ، کە تیادا ئاخیوەر ڕستە و دەستەواژەی دریژ بەکارناهینیت و زۆر بەسادەیی بیرۆکە و داواکارییەکەی دەخاتەڕوو ،کە هەندی جار لە شێوەی فەرمان دەبیت . بۆیە پێوستە باس لەو حاڵەتانە بکریت ، کە ئەم شیوازە دەرپرینە ئاسایی دەکات . بەگشتی ئەم ستراتیژە بۆ ئەو حالەتە دەگونجێ ، کە ئاخیوەر پیگە و باردۆخی خۆی لای کەسی بەرامبەر دەناسیت و ئەو بواری پێدەدات، کە ئەم جۆرە ستراتیژە بەکاربێنیی ، یاخود هەلومەرجێکی نائاسایی و بە پەلە بێنە پێشەوە ، چونکە دەرپرینی کورت و راستەوخۆ زۆربەی جار لەکاتێکدا بەکاردێن ، لە هەلومەرجی بەپەلە و نەخوازراو لەئاردا بیت ، کە دەرفەتێ بیرکردنەوە لە ە هەلبژاردنی وشە و ڕستەی گونجاو لەبەر دەستی ئاخێوەردا نەبیت(Jana ,2008-9)
وەك مەرج نیە دەربرینی راستەوخۆ و کورت و بەتایبەت ئەوانەی لە شێوەی فەرماندان تەنیا لە پەیوەندیەکدا جێگەی بێتەوە ، لە ئاخیوەر لە ئاستێکی بەرزتر بێ ج لایەنێ کۆمەڵایەتی ، یان پیشەیی ، یاخود لە پەیوەندیەکی هاورییەتی و ناسیاویدا بیت ، کە هەردوو بەشداربوو لە گفتوگۆکاندا نزیک و ئاشنایەتی یەکتربن و بەم شێوە مۆرکی بێرێزی بە قسەکانیانەوە نەڵکی ، وەك کاتێ هاورێیەك ، یاخود ئەندامیکی خێزان داوایەك ئاڕاستەی کەسی بەرامبەر دەکات ، یان شتکی بەبیربهێنیتەوە ، وەکو ئەم ڕستانەی خوارەوە :

_زی بزقره .
-خو مژیل نەکە.
-کتێبا من د گەل خو بهینه.
بەڵکۆ هەندێکجار لە باردۆخیکی پەلەدا ئاخێوەر ناچار دەبێ گۆی بە ئەوە نەدات ، ئەو کەسەی قسەی ئاراستەی دەکات کێیە و بەشێوەی فەرمان قسەکە دەکات وەك:
_هشاربە ، نەکەڤی .
_خو بدە پاش.
-وەنەکە .
ئەم جۆرە پەیامە دەکرێ ئاراستەی کەسیکێ نەناسیاو ، یان لە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی لەخۆ بەرزتر بکرێت ، کە بۆ بەرژەوەندی کەسەکە و پاراستنی بیت لە ڕووداوی نەخوازراو ، هەر بۆیە کەسی بەرامبەر هیچ کات بەم جۆرە دەربرینە دڵگران نابیت ، لەوانەیە سوپاسی ئاخێوەریش بکات . واتە ئەم جۆرە ستراتیژە پێویستە بەپێی سیاقی هاتنی وشە و رستەکان لێکبدرێت ، تاوەکو گونجاوی و پەسەندی بەکارهینانی ئاشکرا بیت.
**- 2ریزنواندنی ئەرێنی** :
ئەم جۆرە ڕێزدارییە هەمیشە بۆ بەرز نرخاندنی ڕووخسار و هەڵویستی کەسی بەرامبەر بەکاردیت . ئاماژەییە بۆ هاوڕایی گونجان لەنێوان کەسی ئاخێوەر و بەرامبەرەکەی . لەزمانی ئاخاوتندا گوێمان لە زۆر وشە و دەستەواژەی دەبیت ، کە بە شێوەیەکی فراوان بەکاردێن . بۆ فەراهەمکردنی کەش و هەوایەکی ئاسودە ، بەم جۆرە دەربرینانە زیاتر گفتوگۆی نیوان دوو کەسدا ، بەکاردێن کە ناسیاوی یەکتر بن.
بەڕای (هێرشوفا) سەرەرای بوونی ناسیاوی لەناو نیوان دوو کەس دا بەڵام هیشتا پەیوەندییەکان سنووردارن و دەبێت بیر لە هەڵبژاردنی وشە و شیوازی گونجاو لە باسکردنی بابەتەکاندا بکریتەوە ، تاوەکوو بێبتە مایەی دروستبوونی کەشیکی ئارام (Jana ,2008:10)
دەکریت بڵێن : ئەم جۆرە ستراتیژە لە رەفتارەکانی هەواڵپرسین و دانیشتنی خێزانی و بەسەرککردنەوە لە بۆنە کۆمەڵایەتیەکان بەکاردێت.
-3ریزنواندنی نەرێنی
ئاخیوەر لەکاتی داواکردن و نەبوونی دڵنیایی لە جێبەجێکردنی لەلایەن داوالێکراوەوە پەنا بۆ ئەم ستراتیژە دەبات ، واتە بەهۆی بوونی ترسێك لە رەتکردنەوەی داواکەی هەڵدەدات توانا زمانیەکانی بەکاربخات بۆ دەستهێنانی مەبەستەکەی ، ئەوەیش لەڕێگەی بەکارهێنانی گریمانە و دەربڕینیکی نەرم و نیان ، کە سیمای دوو دڵی بە گفتوگۆیەکەدا دەردەخات وەك تێبینی دەکرێ ئەم جۆرە ستراتیژە بیرۆکەکان بە چەند دەستەواژەیەك دەخرێتەڕوو ، وەك ( گەر زەحمەت نەبیت ، ببورە ، هەر چەندە دی تە ئەزیەت دەم ، دێ شێم ئەڤی پرسیاری ژ تە بکەم ، داخازا لێبورینی د کەم .... )چۆنیەتی ریکخستن و هەڵبژاردنیان پەیوەندی بە کەلتورە جیاوازەکانی ناو کۆمەلگەوە هەیە.
ئەوەی وایکردووە ئەم ستراتیژە بە نەرینی ناوبریت ئەوەیە کە ئاخێوەر داوای جێبەجێکردنی کاریك دەکات لە بەرامبەرەکەی ، کە لەوانەیە، پەیوەندیەکێ نزیکی کۆمەڵایەتی کۆیان نەکاتەوە ، یان گوێگر پلە و پایەی لەئاخێوەر بەرزتر بیت .بەڵام شێوازێکی وا داواکەی ئاراستە دەکات بێ ئەوەی رێگە بدات کاردانەوەیەکی نادروست بیتەوە ئاراوە . لەهەمان کاتیشدا رێگە بە قەبوول کردنی داواکەی خوشدەکات.
ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەم جۆرە ستراتیژە زیاتر پەیوەندییە فەرمیەکاندا بەکاردێت . واتە هێمایەك بۆ فەرمی بوونی پەیوەندیەکان و جیاوازی پیگەی کۆمەڵایەتی.

-4پەیامی ناراستەوخۆ :
دوایین ستراتیژە کە ( هیرشۆفا ) باسی دەکات ، (جیاوازی ئەم ستراتیژە لەوەدایە ،کە دەربرینەکان بە شێوەیەکی ئەنقەست و تەم و مژاوی دەبن . زیاتر لە ڕامانیك هەڵیدەگرێت و دەبێتە هۆی سەر لێشیواندنی بەرامبەرەکەی ، زۆر جار لە شێوەی ڕستەی سەرسورمان ، یان ڕستەی پرسیاری دەبن وەك :
_وەك هەمی جارا ل دەمێ خۆ دگەهی !
_توو گەلەك زوو گەهشتی !
ڕوونی پەیامی ئەم جۆرە دەربرینانە لەسەر جۆر و دووری پەیوەندی نیوان کەسەکان دەوستی ، لە ڕوانگەی ئاشنابوون ، یان بیگانە بوونیان ، بەشیوەیەك چەندی پەیوەندییەکان نزیکتر و دۆستانەتر بن ، ئەوە کەسی بەرامبەر کەمتر تووشی سەرلێشوان دەبیت و پەیامەکە دەگات. (Jana ,2008 . 10)
لەوانە هەمان پەیام ئەگەر بەشێوەکی راستەوخۆ دەربێریت ڕەچاو نەکردنی هەست و کەسایەتی بەرامبەرەکەی پیوە دیار بیت، بەڵام پەنا بردنە بۆ شێوازی ناراستەوخۆ ئەوە بواريك بۆ بیرکردنەوەی لەزیاتر لە ڕامانێك دەرەخسێتنی ، تاکوو کەسی بەرامبەر ئە رامانە پەسەند بکات ،کە دوور بیت لە نواندنی بێڕێزی.
گۆرانی زمان : پیوەستە بە دوو گۆرانی سەرەکی بریتین لە :
-1لەگۆرانی ناوەکی : هۆکاری زمانی " ئاستەکانی زمان "
دەنگی ، ڕێزمانی ، فەرهەنگی ،واتایی
-2گۆرانی دەرکی : هۆکاری نازمانی / کۆمەلایەتی
تەمەن ، ڕەگەز ، پیشە ...
دەربرین . پیکەوە
هەمەجۆرێ زمانی

## (2-3/3 -هەمەجۆرێ زمانی و شیوازی

لە ڕوانگەی پەیوەندیی زمان و کۆمەلەوە شێوازی جۆراوجۆرە ، کە هەرکەیان بۆ باریکی تایبەتی دەستدەدات ، شیواز لە زۆر بواردا بۆ بابەتی جۆراوجۆر بەکاردەهێنریت ، ئەوەی لیرەدا مەبەستە ( شیواز وێنەیەکی زمانییە، زۆر بە وردی هەست و سۆز و بیروبۆچوونەکانی نووسەر دەگوێزیتەوە ) بەو واتایی ( سروشتی بیرکردنەوە و ڕەفتاری مرۆڤ بە شێوەیەکی گشتی لە زماندا ڕەنگدادەتەوە .
بارودۆخە کۆمەلایەتیەکان جێگر نین ،بۆیە هەر گۆرانکاریك لە لەپەیوەندیە کۆمەڵاتیەکان رووبدات ، کاریگەری لەسەر شیوازی بەکارهێنانێ زمان دەبێت .(هادی نهر ) لەم روانگەوە هەر بوار و بۆنەیەك دەربرین و شیوازی تایبەتی خۆی هەیە بۆنە کۆمەڵاتیەکان دەسەپین و کۆمەل داوایاندەکات بۆ نموونە پیگەی کارگیری و کۆمەلایەتی و ئاینی و لە کار و پیشەدا کاریگەری لەسەر شیوازی ئاخاوتنی زمانی تاکەکان دەبێت بەبێ ڕەچاوکردنی تەمەن بە یەکیك لە هۆکارەکانی درستبوونی جیاوازی شیوازی ئاخاوتنە لە نیوان تاکەکاندا . ئاشکرایە کە شیواز پەیوەندی بە کۆمەلەوە هەیە ، چونکە کۆمەل بریار لەسەر پەسەندکردن و ڕەتکردنەوەیدا دەدات گەر شیوازیك لەلایەن کۆمەڵەوە پەسەند نەکریت ، ئەوا قسەکەر دەبیتە مایەی گالتەپێکردن یان تورەبونێ بەرامبەرێ لیدەکەتەوە . بۆیە ( هەلبژاردنی شیواز بەندە بە کۆمەڵەوە و دەوەستیتە سەر تێروانینی کۆمەڵ بۆ شێوازەکانی ئاخاوتن و ئەرکەکانیان )هەر یەکێک لە ئێمە بە شێوەیەکی گشتی رۆژانە چەند شیوازیك قسە دەکات

،بۆ نموونە مرۆڤ لەگەل مالەوە به شێوازێکی تایبەت قسە دەکات جیاوازە لەگەهندی نموونەی بەرچاو بخەینەروو بەم شیوەیە :
شیوازی فەرمی سلاوکردن
-ئەم کاتەتان باش
-بەرێزتان چۆنن ؟
-بەیارمەتی کاك هەرمان لێرەیە.
2 - شیوازی نافەرمی سڵاوکردن.
-باشن
-ها چۆنن
-حمە لیرەیە

**3-3/3) هەمەجۆری زمانی و ڕەگەز :**

لەم سالانە دواییدا جیاوازی بەکارهێنانی لەنیوان ئاخاوتنی رەگەزی و مێ و نێر بەدیدەکرێت ،لەم روانگەشەوە دەتوانین بلێین ( ئاراستەیەکی تر لە هەمەجۆری زمانەوانی جیاوازی رەگەزییە لەم جیاوازەیش بایلۆجییە ،
لێکۆلینەوە لە زمان و ڕەگەز بە سەر دووبەش دابەشکراون ( یەکەمیان لێکۆلینەوە لە بەکارهێنانی زمان ، کە چۆن هەردووك رەگەز نیر و مێ ، زمان بە شێوازێکی جیاواز بەکاردەهێنین دوومیان لێکۆڵینەوەیە لە زمانی رەگەز کەچۆن رەگەز خۆی دەربرینە زمانیەکاندا دەردەکەوێت . بەم پێە شیوازی بەکارهێنانی زمانی لە رەگەزی و نیر و مێ لە زۆر رووەوە جیاوازە ئەم جیاوازە دەکەویتە ژیر کاریگەری سیستەمی ئاینی ، یان دابوونەریتی کۆمەلایەتی ...لەبەر ئەوە شیوازی و رەنگی جیاوازی لە ئاخاوتنەکەندا دەبنین ئەوەش بەکارهێنانی زمان لە ژنان و پیاوان جیاواز دەبیت دەتوانین شێوازی قسەکردنی یان فەرهەنگی ژنان و پیاوان (نیر و مێ ) بەگشتی لەم مەبەستاندا بخینەروو:
1 -بنەمای بەزەوقی دەرنەپرین و بەپێچەوە.
2 -بنەمای ناسکی و ئاوازی دەربرین .
3 -دەربرینی راستەوخۆ و دەربرینی ناراستەوخۆ
4 - تایبەتی فەرهەنگی
5 -وەرگرتنی ئاماژە نازمانیەکان لەلایەن رەگەزی مێ زیاتر لە پیاوان
بۆنە و بوارە کۆمەلاتیەکان لە نیوان رەگەزی نێر و مێ.
1 -بۆنا ب خیر هاتنا دەف ڕەگەزی مێ
)مال ئاڤەدان کرد ، هین بوو دیار نەبوون ، سەرچاڤێت مە هاتن ، شەرم نەکەین هنگوو خۆ ڤەشارتی ، چاڤیت مە ڕوون بین.
ل دەف رەگەزی نێر هەر بوونا ب خیرهاتنی
گەلەک ب خیرهاتن ، هنگوو ئەم مەزن کردین ، هنگوو ریزیا هەی دەف مە ، خودی سەرفیراز بکەت .
2 -بوونا مال ئاڤی کردنی دەف هەردووك رەگەزا
-مێ : مالا هنگوو ئاڤا بیت ، خودێ جی بکەیت ، ب شاد هەوە ببینمەڤە ، خودی ژ خزمەتی کیم نەکەت.
-نێر : خودی گەل هەوە بیت ، دەف هەوە خوشبیت ، هەر ساحیبی مالێ بن یارەبی ، ئاڤەدان بیت.

المجلة العراقية للبحوث الانسانية والاجتماعية والعلمية Iraqi Journal of Humanitarian, Social and Scientific Research
Print ISSN: 2710-095 Electronic ISSN 2790-1254
عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الثامن لكلية التربية ابن رشد للعلوم الانسانية – جامعة بغداد بعنوان
التكامل المعرفي للدراسات التربوية والاجتماعية

3 -بونا چەژنا پیرۆز ل دەف هەردووك ئاليان
-نێر : چەژنا هەوە پیرۆزە ، گەردەنا من ئازا کە ، خودى موبارەك بکەت .
-مێ : هەر ل چەژنا دا بین ، ب شادى هنگوو ببینم ، خودێ پیرۆز بیت ل هەمی ئاليا.
4 -بوونا داوەتا دەف رەگەزا مێ :
-خودى ژیك نەکەت ، پیکڤە پیر و کاڵ بن ، پیرۆزی یەک و دوو بن ، دووماهیك خیر بت
رەگەزا نێر : بابێ حەفت زارۆکا بیت ، خودێ خوشیێ بکەتە ژیانا هەوە ، ئینشاالله خیزانکا دلخوش بت ،
5 -پرسە دەف هەردووك رەگەزا
-ل دەف مێ : چاڤیت من کۆیرەبن ، دادێ گورێ ،
دادێ ل دەف جانا کۆرێ خۆ بگەریت ، سوتێ من بشکێت ،
دەف رەگەزێ نێر :بۆنە و بوارە کۆمەڵایەتیەکان له نیوان رەگەزی نێر و مێ.
1 -بۆنا ب خیر هاتنا دەف ڕەگەزی مێ
مال ئاڤەدان کرد ، هین بوو دیار نەبوون ، سەرچاڤێت مە هاتن ، شەرم نەکەین هنگوو خۆ ڤەشارتی ، چاڤیت مە ڕوون بین .
ل دەف رەگەزی نێر هەر بوونا ب خیرهاتنى
گەلەک ب خیرهاتن ، هنگوو ئەم مەزن کردین ، هنگوو ریزیا هەی دەف مە ، خودێ سەرفیراز بکەت.
2 -بوونا مال ئاڤی کردنی دەف هەردووك رەگەزا .
-مێ : مالا هنگوو ئاڤا بیت ، خودێ جی بکەیت ، ب شاد هەوە ببینمەڤە ، خودێ ژ خزمەتی کیم نەکەت.
-نێر : خودێ گەل هەوە بیت ، دەف هەوە خوشبیت ، هەر ساحیبی مالێ بن یارەبی ، ئاڤەدان بیت.
3 -بونا چەژنا پیرۆز ل دەف هەردووك ئاليان
-نێر : چەژنا هەوە پیرۆزە ، گەردەنا من ئازا کە ، خودى موبارەك بکەت ،
-مێ : هەر ل چەژنا دا بین ، ب شادى هنگوو ببینم ، خودێ پیرۆز بیت ل هەمی ئاليا ،
4 -بوونا داوەتا دەف رەگەزا مێ :
-خودى ژیك نەکەت ، پیکڤە پیر و کاڵ بن ، پیرۆزی یەک و دوو بن ، دووماهیك خیر بت .
رەگەزا نێر : بابێ حەفت زارۆکا بیت ، خودێ خوشیێ بکەتە ژیانا هەوە ، ئینشاالله خیزانکا دلخوش بت .
5 -پرسە دەف هەردووك رەگەزا
-ل دەف مێ : چاڤیت من کۆیرەبن ، دادێ گورێ ،
دادێ ل دەف جانا کۆرێ خۆ بگەریت ، سوتێ من بشکێت ،
-دەف رەگەزێ نێر :خودێ ل خوش بیت ، خودى بهێنا هنگوو بهنیت ، خودێ جهیی وی بکەتە بەهەشت ،
6-بۆنا داخازی :
-مێ : کورێ مە ب ئەدەب و رێزە ، هاتن دەستى هەوە ماچ بکەین ، ئەم هاتن خازبینێ بکەن ، کۆرێ من نازکە.
-نێر : بۆ شوولا خێرێ ئەم هاتینە ، هین دی مە مەزن کەن گەر ب دەنە بۆ شوولا خزمایەتێ ، ناڤبانگی هەوەیت بەریز بە بیستیە ،

بواری دووعا و پاڕانەوە لەلایەن هەردووك رەگەز
-مێ ( دەردێ تە بهیتە من ، رەحمت ژ شیرێ تە ، یارەب ژێ تە تەمام بیت ، رەبی رحا تە دەربچێت )
-نێر ( خودی تە ل هەردووك دوونیا بكەت ، خودت تە نەهڵێت ، خودێ ئاگا ژ تە بیت )
بوارێ سوێند خواردنەل زمانی فەرمی و زانكۆدا بەكاردەهێنن
-مێ (ب پێغمبەر خودێ ، ب رحا تە ، ب رحا بابێ من ، ب هەر سیك جزمێت قورئانا پیرۆز ،)
-نێر ( بە تەلاقا من ، ب شەرەفا خۆ ، ب گۆرا مرێ خۆ ، ب شەرەفا دەيك و خوشكا خۆ ، )
بواری پاڕانەوە
-مێ " خودێ من ڕەزیلی ئەڤی دوونیای نەكەی ، خودێ جەرگێ پیرم نەسوژێ ، خودی زارۆك و حالێ ب من ببەخشە
-نێر ( خودێ من بێ ری نەكەی ، ل شەری شەیتان و فتنا ئەڤی دوونیای بپارێزێ ، خودێ ریكا راستی نیشانی من بدەی . )
**كەواتە دەتوانیین بڵێین، بەم تێگەیشتنانە واتا و فراوانوونی واتا لە دەوربەری كۆمەڵدا لە بەدیدگرتنی كەرستە بەكارهێنراوەكانی ئاخاوتنی وەكو ( شێوەی ئاخاوتن و ڕێزداری، تابۆ، ڕەگەز...) لە فراوانبوونی واتادا پراگماتیكی ئاخاوتنی ئاخێوەری زمانی كوردی فراوان و دەوڵەمەند دەگەن.**

## ئەنجام:

**لەم لێكۆڵینەوەیەدا گەیشتین بەم ئەنجامانە:**

1-فراوانبوونی واتا، بەندە بەدەرچوون لە واتای فەرهەنگی.

2- فراوانبوونی واتا لە دەورووبەری قسەكەر و تاك، یان كۆمەڵ گوزارشتی لێكدانەوەی دووجەمسەرییە.

**3- كلتور دەوڵەمەندی كلتور بنەمایەكی سەركی فراوانبوونی واتایە لە پراگماتیكدا.**

**4-كلتور وابەستەی كۆمەڵی كوردەوارییە و لە یاساكانی دەربرین و دەوروبەردا ڕۆڵی هەیە و كاریگەری لەسەر زمانی ئاخێوەر ڕێگە خۆشكەرە بۆ ئەو هەموو شێوازارەی فراوانبوونی واتا لە پراگماتیكدا.**

**5-ڕۆڵی كلتور لە زمانی كوردی و بەتایبەت لە زاری سەرووداپەیوەیستە بەبوونی بە هەمەجۆری زمانی و ڕەگەزی زمنییەوە، كە فراوانبوونی واتا بەدوای خۆیدادەهێنێت.**

**6- دەوروبەری كۆمەلایەتی ژینگەی لەبار بۆ جیاكردنەوەی واتای سیمانتیكی و پراگماتیكی دروستدەكات بەجۆرێك زمان لە واتای پراگماتیكی لە هەژاری ڕزگاریدەكات.**

## سەرەچاوەكان

یەكەم : كتێبەكان :
1) ئاسۆ عبدالرحمان كریم، ستراتیژە كۆزمانەوانییەكان لە فێربوونی زمانی دووەمدا. چاپی یەكەم، چاپخانەی هێڤی.2023.
2) ئاڤێستا كەمال مەحمود ، پراگماتیكی ڕستەی پرسیار و فرمان لەزمانی كوردیدا ،
3) كامەران موكری ( موحەمەد ئەحمەد تەها ) ،ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی چاپی یەكەم ، چاپخانەی زانكۆ سەلاحەدین ، ١٩٨٤ .

4) محەمەد محەمەد یونس عەلی ، سەرەتایەك بۆ زانستەكانی واتاسازی و پراگماتیك و : نەریمان عبدالله خۆشناو ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی رۆژهەڵات ، هەولێر ٢٠١٠ .
5) محەمەد مەعروف فەتاح ، زمانەوانی ، چاپی سێیەم ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، ٢٠١١
6) تالیب حوسێن عەلی ، زانستی زمان و زمانی كوردی ، چاپی یەكەم ، چابخانەی رۆژهەڵات هەولێر ٢٠١٤ .
7) جۆرج یۆل ،مەبەست ناسی ( پراگماتیک ) و : رەحیم سورخی چاپی یەکەم ، چاپبخانەی تاران ، ٢٠١٦ .
8) داریۆش ئاشوری ،چەمك و پێناسەی فەرهەنگ (كلتور ) ، و ئیبراهیم حەسەن پور ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی موكریان هەولێر ، ٢٠١٣ .
9) شەهاب شێخ تەیب ، چەند تیشكێك بۆ سەر لێكۆڵینەوە زمانییەكان .
10) شیلان عوسمان ، كارابونی زمان لە پەیوەندییە كۆمەڵاتییەكان ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی هاوسەر هەولێر ٢٠٠٩ .
11) شێرزاد سەبری عەلی پراگماتیک ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی حاجی هاشم هەولێر ٢٠١٤ . عەبدالواحید موشیر دزەیی ، شیكردنەوەی ئاخاوتن لە زمانی كوردیدا ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی چوارچرا ، ٢٠١٣.
12) عەبدالواحید موشیر دزەیی ، زانستی پراگماتیك ، چاپی دووەم چاپخانەی ناوەندی ئاوێر ، هەولێر ٢٠١٤ ..
13) هاوچەرخەكان ، چاپی یەكەم ، چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی ، كەركووك ، ٢٠١٣ .

**دووەم : نامەی ئەكادیمی :**

14)بەهار زاهیر محەمەد ،زمان یاسا كۆمەڵاتییەكان ، نامەی ماستەر ، بەشی زمانی كوردی ، كۆلێژی زمان ، زانكۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، ٢٠٠٩ .
15)پەروەر عەبدلرحمان سالح هەندی لایەنی كۆمەڵایەتی پراگماتیك ( زمانی بواری پزیشكی بە نموونە) ، نامەی ماستەر ، بەشی كوردی ، كۆلێژی زمان ،زانكۆی سەلاحەدین ، هەولێر ٢٠١٣.
16)پێشكەوت مەجید محەمەد ، ڕەگەز لە ڕوانگەی زانستی زمان كۆمەڵاتییەوە ، نامەی ماستەر .بەشی كوردی ، كۆلێژی زمان ، زانكۆی سلێمانی ، ٢٠١٣ .
17)تریفە عومەر ئەحمەد ، مەبەستی پراگماتیك لە وتاردا ، نامەی ماستەر ، بەشی زمانی كوردی ، كۆلێژی زمان ، زانكۆی سلێمانی ، سلێمانی ٢٠٠٨ .
18) حەسەن عەلی ئیبراهیم ، داواكردن و رەتكردنەوەی لەزمانی كوردیدا بە پێی تیۆری كردە قسەییەكان ، نامەی ماستەر ، بەشی كوردی ، كۆلێژی زمان سەلاحەدین ، هەولێر ٢٠١٥ .
19)سازان رەزا معین ، واتا و دەورووبەر ،نامەی ماستەر ، بەشی كوردی ، كولێژی زمان ، زانكۆی سەلاحەدین ،٢٠٠٥ .
20)شالاو سالح حەمە غەریب ،زمانی ئاخاوتنی هەندێ پیشەی جیاواز لە هەرێمی كوردستاندا ، نامەی ماستەر ، بەشی كوردی ، كۆلێژی زمان ، زانكۆی سەلاحەدین ، هەولێر ٢٠١٧ .
21) شیلان عوسمان عەبدولرحمان ، كارابوونی زمان و پەیوەندییە كۆمەڵاتییەكان ،نامەی ماستەر ،بەشی كوردی ،كۆلێژی پەروەردە ،زانكۆی بەغدا ،بەغدا ٢٠٠٨ .

22)هێمن عەبدولحەمید شەمس ، شێواز و دەربڕین لەبۆنە کۆمەڵاتییەکان .نامەی ماستەر بەشی کوردی ،کۆلێژی پەروەردە ،زانکۆی کۆیە ،کۆیە ٢٠٠٦.
23)ئەرخەوان محمەد عوبێد ، دیاردە کلتورییەکان لە ( مەم و زین ) ی ( ئەحمەدە خانی ) دا ، نامەی دکتۆرا ،بەشی زمانی کوردی ، کۆلیژی زمان ، زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی ٢٠١٤ .
24)دارا حەمید محەمەد ، شیکاری رستەی ئالۆز لە روانگەی پراگماتیکەوە ،نامەی دکتۆرا ، بەشی زمانئ کوردی ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی ٢٠١٢ .
25)شاخەوان جەلال فەرەج ،تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتور ، نامەی دکتۆرا ، بەشی زمانی کوردی ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی ٢٠١١ .
26) _نەوزاد عومەر ، هەندێ کۆمەڵایەتی پراگماتیك لەزمانی کوردیدا ، نامەی دکتۆرا ،بەشی زمانی کوردی ، کۆلێژی زمان ، زانکۆیی سلێمانی ، سلێمانی ، ٢٠١٤ .
سێیەم : گۆڤار و رۆژنامەکان :
27)خەسرەو ئەڵماس ، کلتور و کۆمەلگا ، گۆڤاری ڕامان ، ژمارە (٧٥) هەولێر .
28)سەلام ناوخۆش، پوختەیەک لەبارەی پراگماتیکسەوە،گۆڤاری ڕامان ژمارە (٧٧) ، هەولێر ، ٢٠٠٢ .
29)سیروان سەمین .کۆد گۆڕین و کۆد تێکەڵ کردن لەئاخاوتندا ، گۆڤاری زانکۆی قەڵەم ،ژمارە، کەرکوک ، ٢٠١٨ .
30-)محەمەد مەعروف فەتاح پراگماتیك ، گۆڤاری زمانناسی ، ژمارە (٨) هەولێر ٢٠١٠.
31) هاشم سەڕاج ، کلتور چەمك و پیناسەکان ، گۆڤاری ڕامان ،ژمارە (٢٢٣ ) هەولێر ،٢٠١٥